# جا کەی کۆبونەوەکانتان مێژوویی نەبووە؟ *

**ئاسۆعەبدوللەتیف**

لە مێژوودا هیچ دوو حیزبێك نەبووەو نابینی وەك یەکێتی و پارتی ئەوەندە دژو لە هەمانکاتدا دۆستی یەکیش بن، ئەوەندە حەز بە کۆبونەوەی دۆستانەی یەك و رکابەری و عاجزکردنی یەکیش بکەن، لە ساتەوەختێکدا دەیان کوڕی ئەم وولاتەیان ئەدا بەکوشت و پاشتر لەرێککەوتنێکی مێژووییدا ئەبونەوە بە برا، بەردەوام ئەم دوو حیزبە لە ململانێ و رکابەرییەکی ئاڵۆز ونهێنیدا بوون کە کەسمان نایزانین بارزانی و تاڵەبانی خۆیان نەبێت، مەحاڵە دوو ئایدۆلۆژیا ببینیتەوە وەك ئەم دوو حزبەی خۆمان عاشق بە کۆبونەوەی مێژوویی و ستراتیجی بەردەم کامێراکان بن، دوورنا بەڵکو مێژووی نزیکی ئەم دوو حیزبە لێوانلێوە لە بەلاغی ستراتیجی و کۆبونەوەی چڕو نهێنی و مێژوویی و پرێس کۆنفرانس و زەردەخەنەو سەوزەخەنەی شاشەکان وەك کۆبونەوە ستراتیجی و مێژووییەکانی ( ئەنقەرە – لەندەن – واشنتن – پاریس – تاران – قەلاچوالان و دوکان – سەری رەش – ئێستاش بەغدای نوێ) بەجۆرێك لە هەریەك لەو کۆبونەوە ستراتیجی و مێژووییانەدا دنیایەك مژدەو خۆشنودی و بەڵێنمان بۆ ریز ئەکرێ بێ ئەوەی بەڵێنەکان بە جێ بگات، ئێستاش گوێکانمان ئەزرنگێتەوە بە کۆبونەوەکانی لوتکەی ئەم دوو حیزبە لەسەر پرۆسەی ئاشتی!! و کەرکوك و فیدراڵی و دەستوور و پرۆژەی هاوبەش و گوتاری سیاسی، بەڵام تاکە شتێ کە گرنگ بوو کۆبونەوەی ستراتیجی و مێژووییمان لەسەر بکردایەو تا ئێستا نەکراوە پرسی کشانەوەیە لە بەغداو یاخیبونێکی مەدەنیانەیە دژ بەو دەسەڵاتەی بەغدا کە نەیتوانیوە تائێستا سادەترین داخوازیمان وەدی بهێنێ، سەرباری ئەو هەموو موجامەلەو پیاهەڵدانە عیراقیانەی یەکێتی و پارتی و کاڵبوونەوەی ئینتیمای نەتەوەییمان، تا بە رەقس و سەماکانمان ئەگات لە هەولێرو سلێمانی لەبەردەم شاشەی عیراقیەو شەرقییە بۆ تۆپی پێی عیراقی وەك موعەلەقێ ووتی (فرقە العرب الاصیل) کەچی پرسی کەرکوك و مادەی 140 لە گیانەڵای مەرگدایەو لەباتی ئەوەی لە پەرلەمانی عیراق بکشێینەوە کەچی لە پەرلەمانەکەی خۆمان و دژی خۆمان شەرێکی تر ئەکەین و دێینەدەرەوە کە مەگەر خوا بزانێ چەند دۆسیەو کێشەمان هەیە کە پەرلەمانی کوردی پێویستە قسەی لەسەر بکات و لە بەغدا هەڵپەسێراوەو بێکەسکوژکراوە؟ زمانی کوردی ئێستا پەراوێزترین زمانی عیراقیە ئەرێ ( پول و پاسپۆرت و دراو) بۆ زمانی شیرینی کوردیی لەسەر نییە!؟ بریار نەبوو هاوشانی زمانی عەرەبی هەبێت وەك ئەوەی کە لە دەستوردا هات؟ ئایا ئەمە شەڕی ناوێت؟ کۆبونەوەی ستراتیجی و بەلاغی مێژوویی بۆ ئەمە گرنگە یان نەوت و داهات و پۆست یان (بەلاغی هاوبەش) بۆ بەرتەسککردنەوەی رووبەرەکانی ئازادی و گرتنی رۆژنامەنوسان!؟ کۆبونەوەی ئەمجارەش وەك باسکرا ستراتیجی و مێژوویی و گرنگ بوو بزانین وایە!؟

**تێبینی/ دواین کۆبونەوەی مێژوویی بارزانی و تاڵەبانی لە 2007/7/27 لە هاوینەهەواری دوکان بوو!!**

*** ئەم ووتارە لە ژمارە 80 ی رۆژنامەی ئاوێنە، لە گۆشەی پەنجەرەدا بلاوبۆتەوە.**